پەنجەمۆر
**A**

بەناوی خوای گەورە — بابەت: زیندەزانی/ کات : 3.5 کاتژمێر

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە-لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی( دوازدەی زانستی )
ساڵی خوێندنی 2023-2024 / خولی یەکەم

SN: 5000001

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە: (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

1.کام لەمانە کرکراگە لە پێکهاتەکەیدا ***نییە***؟
A-پەڕەی جەمسەری ئێسك B-گوێی دەرەوە C-چینی ناوەوەی لوولەکانی خوێن D-زمانەی زوڕنایی

2.ئەو دوو کەلێنەی لەش ،کە ناوپەنچك لێکیان جیادەکاتەوە بریتین لە :-
A-سنگەکەلێن و درکەکەلێن B- کەللەکەلێن و درکەکەلێن C-سنگەکەلێن و سکەکەلێن D-سکەکەلێن و حەوزەکەلێن

3.لە کرداری گرژبوونی ماسولکەدا هەموو ئەمانە ڕوودەدەن ***جگە لە*** :-
A- دەمارە ڕاگەیاندن ماسولکە ئاگاداردەکاتەوە. B- دەزوولەکانی ئەکتین بە نێوان دەزوولەکانی مایۆسیندا دەخلیسکێن.
C- نووکەکانی دەزوولەی ئەکتین بە شوێنی نێوان مۆروەکانی دەزوولەی مایۆسینەوە دەبەسترێن.
D- نووکەکانی مایۆسین بەرەو ناوەوە دەچەمێنەوە و ئەکتین لەگەڵ خۆیاندا ڕادەکێشن.

4.لە باڵدا ماسولکەی گرژۆك جیاوازە لە ماسولکەی کشۆك بەوەی کە ماسولکەی گرژۆك :-
A- بنەچەکەی ئێسکی دەفەیە. B- ئێسك دەجوڵێنێت لە ڕێگەی ڕاکێشانەوە.
C- کاتێك لە باری خاوبوونەوەدایە، باڵ ڕاست دەبێتەوە. D- خانەکانی فرەناوکن.


5.ڕووی لێکچوون لە نێوان تەوەرە پەیکەرو پەلە پەیکەر ئەوەیە کە هەردووکیان :-
A-مۆخی سووری ئێسکیان تێدایە. B-مۆخی زەردی ئێسکیان تێدایە. C-جومگەی بزێویان تێدایە. D-( A و C ) هەردووکیان ڕاستن.

6.کام لەمانە لە تایبە تمەندییەکانی جومگە جوڵەسنوردارەکانە؟
A- ئێسکە پەڕەکان لە کەللەی سەردا بە توندی بەیەکەوە دەبەستنەوە. B-ڕێگە بە چەمانەوە و سوڕانەوەی لەش دەدەن.
C- ڕێگە بە سوڕانەوەی سەر دەدەن لە لایەکەوە بۆ لایەکەی دیکە. D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

7.لە هەوکردنی جومگەی ڕۆماتیزمدا :-
A- کرکراگەی جومگە دادەخورێت و تەنکتر و زبرتر دەبێت. B- جومگەکان هەودەکەن و هەڵدەئاوسێن و ڕەق دەبن و تێکدەچن.
C- بەرگرییە کۆئەندام دەست دەکات بە پەلاماردانی شانەکانی لەش. D- ( B و C ) هەردووکیان ڕاستن.

8.کام لەمانە لە فرمانەکانی کۆئەندامی سوڕانە؟
A- پارێزگاری لە چەسپاندنی پلەی گەرمی لەش دەکات. B- خۆراکە ماددە و هۆرمۆن و گازەکان دەگوازێتەوە.
C- گێڕانەوەی شلەی شانەییە بۆ خوێن. D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

9.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر کام لەو ڕەنووسانە ئاماژە بەو زمانانە دەکەن
کە ڕێگری ( بەرگری ) لەخوێنی تێر ئۆکسجین دەکەن بە ئاراستەی هەڵەدا بگەڕێتەوە؟




A- 2 و 3
B- 1 و 4
C-1 و 2
D-3 و 4


10.لە سییە سووردا ......................... خوێن بۆ سییەکان دەگوازێتەوە.
A-شاخوێنبەر B-سییەخوێنبەر C-سییەخوێنهێنەر D-کلۆرەخوێنهێنەری سەروو


11.خوێن پێکدێت لە :-
(1-پلازما ، 2-خانەکانی خڕۆکەی سوور ، 3- خانەکانی خڕۆکەی سپی ، 4-پەڕەکانی خوێن)
A-تەنها 1 ، 2 ، 3 . B- تەنها 2 ، 3 ، 4 C- 1 ، 2 ، 3 ، 4 D- تەنها 1 ، 4


12.ئەگەر کۆمەڵەی خوێنی کەسێك لە سەر ڕووی خڕۆکە سوورەکانیدا دژەپەیداکەری A و دژەپەیداکەری B هەڵبگرێت و توانای دروستکردنی دژەتەن بۆ دژەپەیداکەری Rh ***نەبێت***، ئەوا ئەو کەسە دەتوانێت خوێن بدات بە کەسێك کە کۆمەڵە خوێنەکەی ............ بێت.
A- ( $B^+$ ) B- ( $A^-$ ) C- ( AB+ ) D- ( $AB^-$ )

13.چوار گەردی هیمۆگلۆبین لە توانایدایە کە ................گەرد ئۆکسجین بگوازێتەوە.
A-2 B-4. C- 8 D-16

14.هەموو ئەمانە لە بەرگرییە گشتییەکانن ***جگە لە*** :-
A-ترشەکانی گەدە B-لینجە ماددە C- سایتۆکینەکان D- ماددەی مێوی

15.کام لەمانە دەربارەی ئینتەرفیرۆن ڕاستە؟
A- پرۆتینێکە خانەی تووشبوو بە ڤایرۆس دەریدەدات.          B- پێکهاتەیەکی شێوە ئەڵقەیی پێکدێنێت.
C- پەردەی خانەکانی توشبوو کون دەکات.          D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن.
16.ئەو ڕووداوەی کە لە شێوەی بەرامبەردا دیارە کام لەمانە چالاک دەکات؟


A-خانەکانی Tی ژەهراوی
B-هەڵلوشێنەری گەورە
C-سیستمی تەواوکار
D-خانەکانی B
17.وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی خانەیی لە وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی دەردانی جیاوازە،بەوەی کە وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی خانەیی:-
A- پێویستی بە ناسینەوەی دژە پەیداکەر هەیە.          B- زیاتر لە یەك جۆر خانەی T بەشداری تێدا دەکەن
C- پێویستە خانەکانی T ی یارمەتیدەر چالاك بکرێن.          D- پێویستە سەرەتا هەڵلوشێنەری گەورە هۆکاری نەخۆشی قووت بدات.
18.ڤایرۆسی HIV دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی شلەکانی لەش کە ..............یان.تێدایە.بۆ لەشێکی ساغ.
A-ڤایرۆسی HIV          B-دژە تەن بۆ ڤایرۆسی HIV          C-خانەی تووشبوو بە ڤایرۆسیHIV          D-( A و C ) هەردووکیان ڕاستن
19.ڕووی لێکچوون لە نێوان قۆناغی یەکەم و قۆناغی دووەمی تووشبوون بە ڤایرۆسی HIV ئەوەیە کە لە هەردوو قۆناغەکەدا:-
A-تووشبووەکان هەست دەکەن تەندروستیان باشە.          B- ڤایرۆسی HIV دوو هێند دەبێت.
C-لیمفە ڕژێنەکان هەڵدەئاوسێن.          D- خانەکانی T یارمەتیدەر ناتوانن خانەکانی B و خانەکانی T ژەهراوی چالاك بکەن.
20. لە وێنە داتاییەکەی بەرامبەردا،ئەو پیتەی ئاماژە بە بەشی وێنە داتاییەکە دەکات کە تێیدا ئایۆنە جۆگەکانی سۆدیۆم دەکرێنەوە بریتییە لە:-


A-تەنها X
B- X و Y
C- تەنها Y
D- X و Z
21.لە گەیێنەکەی دەماریدا،ئەو کاتەی ئەرکی کار دەگاتە دەمارە کۆتاییەکانی تەوەرەی دەمارە خانەی پێش گەیێنەکە، گەیێنکە چیکڵدانەکان دەلکێن بە:          A-پەردەی خانەی پێش گەیێنکەوە          B- وەرگرە پرۆتینەکانەوە لەسەر پەردەی پێش گەیێنکەوە
C-پەردەی خانەی پاش گەیێنکەوە          D- وەرگرەکانی دووبارە لەسەر پەردەی پاش گەیێنکەوە
22.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر کە نیوەگۆیەکی مێشك ڕووندەکاتەوە،ڕاگەیاندنە هاتووەکان لە میکانیکە وەرگرە تاییە تمەندەکانەوە لێکدەدرێنەوە لە:-



A- تەنها 1          B- 1 و 2
C-1 و 2 و 3          D- تەنها 2
23.نێوانە دەمارەخانە:-
A- لە درکە پەتکدا هەیە          B- بەرگی مایلینی دروست دەکات بە دەوری تەوەرەدا
C- پەیوەندی ڕاگەیاندنەکان لە نێوان دەمارە خانەکاندا دابین دەکات          D-( A و C ) هەردووکیان ڕاستن
24.لە کرداری بیستندا کام لەمانە وا لە پەردەی جۆگەی خوارەوەی جۆگەی ناوەڕاست دەکات بجووڵێت؟
A-لەرینەوەی شلەی ناو لوولپێچ.          B-بەرکەوتنی مووەخانەکان بەو پەردەیەی کە مووەخانەکانی دا پۆشیون.
C- جووڵەی دەنکۆڵەکانی کاربۆناتی کالیسیۆم.          D-لەرینەوەی شلەی ناو سێ کەوانە جۆگەکان.
25.کام لەمانە شێوەی هاوێنە ڕێکدەخات بە جۆرێك کە تیشکی ڕۆشنایی هاتوو بۆ ناو چاو بشکێتەوە؟
A-ماسولکەکانی ڕەنگینە          B-ئەو ماسولکانەی بە هاوێنەوە بەستراون          C-تۆڕە          D-کۆرنیە
26.خواردنەوەی کهول دەبێتە هۆی هەموو ئەمانە ***جگە لە***:-
A-وشکبوونەوە          B-نزمبوونەوەی پلەی گەرمی لەش          C-ئالودەبوون          D-هەوکردنی لقە بۆری هەوای درێژخایەن
27.کام لەمانە بە دەرمانی کاریگەری دەروونی دەژمێردرێت ؟
A-ئەسیتایل کۆلین          B- نیکۆتین          C-قەتران          D- دۆپامین

28.ژێر لانك:-.    A-وەڵامی خەستی هۆرمۆنەکانی خوێن دەداتەوە.
B-وەڵامی ئەو دەمارە راگەیاندنانە دەداتەوە کە لە ناوچەکانی دیکەی دەماخدا وەریاندەگرێت.
C- بە دەرکردنی کارتێکەرە هۆرمۆنییەکان وەڵامی ژێر مێشکە رژێن.دەداتەوە    D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

29.هەر ئەدرینالە رژێنێك:-    A-لە توێکڵ و کرۆك پێکدێت و هەریەکەیان وەك کوێرە رژێنی سەربەخۆ کاردەکات.
B-دەردانی هۆرمۆنەکانی تەنها لە لایەن دەمارە کۆئەندامەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.    C- تەنها هۆرمۆنی ستیرۆیدی دەردەدات
D- دەردانی هۆرمۆنەکانی تەنها لە لایەن هۆرمۆنەکانی پلی پێشەوەی ژێر مێشکە رژێنەوە رێکدەخرێت.

30.لە میکانیزمی کاری پیپتیدە هۆرمۆنەکان، کام لەمانە راستەوخۆ ئەنزیمێك چالاك دەکات کە ATP دەگۆڕێت بۆ AMP ئەڵقەیی؟
A-وەرگری پرۆتینی هۆرمۆنەکە    B-ئاوێتەی هۆرمۆن-وەرگر    C-نێردراوی یەکەمی    D-نێردراوی دووەمی

31.کام لەمانە لە نێردراوە کیمیاییەکان دەژمێردرێت و لە لایەن دەمارە کۆئەندامەوە ***دەرنادرێت***؟
A-ئیپینیفرین    B-ئەسیتامینۆفین    C-ئیندۆرفین    D-ئینکیفالین




32.ئەو شێوەیەی بەرامبەر پێکهاتەکانی مێیە کۆئەندامی زاوزێ ڕووندەکاتەوە
بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر وەڵامی راست لە خوارەوە هەڵبژێرە:-
A-1 و 2 و 3 هەرسێکیان لە پێکهاتەکانی ئەم کۆئەندامەن
B- 1 و 2 لە پێکهاتەی ئەم کۆئەندامەن
C- 1 و 3 لە پێکهاتەی ئەم کۆئەندامەن
D-تەنها 3 لە پێکهاتەی ئەم کۆئەندامەیە

33. هەردوو گون پێش لە دایکبوون لەناو.........دا.دروست دەبن.
A-سکەکەڵێن    B-تورەکەی گون لە دەرەوەی لەش    C-حەوزەکەڵێن    D- تورەکەی گون لە سکەکەڵێن

34.لە نێرە کۆئەندامی زاوزێدا هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد دەبەسترێت بەو وەرگرانەی کە دەکەونە سەر:-
A-تۆوە بۆریچکەکان لە هەردوو گوندا    B- ئەو خانانەی کە دەکەونە نێوان تۆوە بۆریچکەکانەوە لە هەردوو گوندا
C- ئالۆزە    D-سێ رژێنەکەی نێرە کۆئەندامی زاوزێ

35.لە قۆناغی تەنی زەردی سووڕی هێلکەداندا زیادبوونی خەستی هەردوو هۆرمۆنی ............دەبێتە هۆی ...............
A-ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن ، پەرچە پێدانەوەی نەرێنی    B-هاندەری چیکڵدانەو هاندەری تەنی زەرد ، پەرچە پێدانەوەی نەرێنی
C-هاندەری چیکڵدانەو هاندەری تەنی زەرد، پەرچە پێدانەوەی ئـەرێنی    D-ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن، پەرچە پێدانەوەی ئـەرێنی


36.کۆرپەلە لە تۆپەڵە خانەکانی ......................گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت.
A-ڕووی دەرەوەی بلاستۆچیکڵدانە    B- ڕووی دەرەوەی مۆریۆلا    C- ڕووی ناوەوەی بلاستۆچیکڵدانە    D- ڕووی ناوەوەی مۆریۆلا

37.کام لەمانە دەربارەی ناوکە پەتك ڕاستە ؟    A-کۆرپەلە بە ویلاش دەبەستێتەوە.
B-لە قۆناغی زووی هەفتەی دووەمی دوای پیتێندا دەست دەکات بە دەردانی هۆرمۆنی کۆریۆنی هاندەری توخمە رژێنەکان.
C- ئالوگۆڕی ماددەکان وەکو خۆراکە ماددەو پاشەڕۆکان بە پەردەی ناوکە پەتکدا دەبێت.    D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

38.کام لەمانە دەربارەی زاڵبوونی ناتەواو ***هەڵەیە***؟
A- ڕێژەی چاوەڕوانکراوی روخسارە بابەتەکان بۆ لێکدانی نێوان تاکێکی یەکڕەگ و تاکێکی دووڕەگ دەکاتە 3:1.
B-سێ ڕووخسارە بابەتی جیاواز پەیدا دەبێت لە لێکدانی نێوان دوو تاکی دووڕەگ.
C-تاکی دوو ڕەگ بە ڕووخسارە بابەتێکی مام ناوەندی لە نێوان دوو ڕووخسارە بابەتەکەی باوان جیادەکرێتەوە.
D-ڕێژەی چاوەڕوانکراوی بۆماوە بابەتەکان بۆ لێکدانی نێوان دوو تاکی دووڕەگ دەکاتە 1 : 2 : 1.

39. ئەو بۆماوەبابەتەی کە گەمیتی ( ab )بەڕێژەی 50% پەیدا دەکات بەوە جیادەکرێتەوە کە :-
A–دووڕەگە بۆ سیفەتێك و بەزیوە بۆ سیفەتەکەی تر.    B– دووڕەگە بۆ هەردوو سیفەت.
C– دووڕەگە بۆ سیفەتێك و زاڵی یەکڕەگە بۆ سیفەتەکەی تر.    D– یەکڕەگە بۆ هەردوو سیفەت.

40.ئەگەر لە لێکدانێکی تاکە دووڕەگبووندا( دووڕەگ×دووڕەگ ) 300 تاك پەیدابوون ئەوا پێشبینیدەکرێت کە ژمارەی تاکی یەکڕەگ و ژمارەی تاکی دووڕەگ بەم شێوەیە بێت:-
A–150 یەکڕەگ و 150 دووڕەگ    B–225 یەکڕەگ و 75 دووڕەگ    C–200 یەکڕەگ و 100 دووڕەگ    D–300 یەکڕەگ و 0 دووڕەگ




41.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر ،لێکدانی تاقیکاری ئەنجامدەدرێت
بۆ دیاریکردنی بۆماوە بابەتی کام لەم ڕووخسارانەی خوارەوە؟
A– 1    B–2
C– 3    D–4

42.یاسای دابەشکردنی سەربەخۆ تەنها لەسەر ئەو بۆهێلانە جێبەجێدەکرێت کە :-

A-دوو ئەلیلی زاڵیان هەیە. B-دوو ئەلیلی بەزیویان هەیە. C-دەکەونە سەر کرۆمۆسۆمە جیاکان. D-دەکەونەسەر کرۆمۆسۆمە لێکچووەکان.

43.کام لەم جووتانەی خوارەوە پریمیدینەکان دەنوێنیت؟

A- سایتۆسین- ثایمین B- گوانین - سایتۆسین C-ئەدینین - گوانین D-ئەدینین-ثایمین

44.بە پشت بەستن بە خشتەی بەرامبەر ،لە کام تاقیکردنەوە لە تاقیکردنەوەکانی ئۆزواڵد ئاڤری و هاوەڵەکانی مشکەکە نەکوژرا؟

| | |
|---|---|
| تاقیکردنەوەی 1 | کوتانی مشك بە تێکەڵەیەك لە ( خانەکانی S کە بە گەرمی کوژراون + ئەنزیمی هەڵوەشێنەری پرۆتین ) لەگەڵ خانەکانی R ی زیندوو |
| تاقیکردنەوەی 2 | کوتانی مشك بە تێکەڵەیەك لە ( خانەکانی S کە بە گەرمی کوژراون + ئەنزیمی هەڵوەشێنەری RNA ) لەگەڵ خانەکانی R ی زیندوو |
| تاقیکردنەوەی 3 | کوتانی مشك بە تێکەڵەیەك لە ( خانەکانی S کە بە گەرمی کوژراون + ئەنزیمی هەڵوەشێنەری DNA ) لەگەڵ خانەکانی R ی زیندوو |

A-1 و 2

B-تەنها 2

C- 1 و 3

D-تەنها 3

45. RNA ڕایبۆسۆمی :-

A- ترشە ئەمینییەکان بۆ ڕایبۆسۆم دەگوازێتەوە بۆ دروستبوونی پرۆتین.

B- بۆماوە زانیارییەکان لە بۆهێڵێکی دیاریکراودا دەگوازێتەوە بۆ دروستبوونی پرۆتینێکی دیاریکراو.

C- بەشێکە لە پێکهاتەی ڕایبۆسۆمەکان. D-تفتی نایترۆجینی ثایمین لە پێکهاتەکەیدا هەیە.

46.کام لەمانە دەربارەی کرداری دووهێندبوونی DNA ***هەڵەیە***؟

A-تەنها بەشێك لە دوو زنجیرەکەی DNA لە یەکتر جیادەبنەوە.

B-ئەنزیمەکانی هێلیکێز بە درێژایی گەردی DNA دەگوازرێنەوە، بەندە هایدرۆجینییەکان لە نێوان جووتە تفتە تەواوکارەکان هەڵدەوەشێنن.

C- هەر زنجیرەیەکی بنەڕەتی وەك قاڵبێك کاردەکات بۆ پێکهێنانی زنجیرە تەواوکەرێکی نوێ.

D-هەر گەردێکی نوێ لە DNA یەك زنجیرەی لە هەردوو زنجیرە DNA یە بنەڕەتییەکە دەپارێزێت.

47. ڕیزبەندی تەواو بۆ ڕێکخستنی بۆماوە ماددە لە گەورەترین بەشەوە بۆ بچووکترین بەش بریتییە لە :-

A-جینۆم ← کرۆمۆسۆم ← نیوکلیۆتاید ← بۆهێڵ B- جینۆم ← کرۆمۆسۆم ← بۆهێڵ ← نیوکلیۆتاید

C- کرۆمۆسۆم ← جینۆم ← نیوکلیۆتاید ← بۆهێڵ D- کرۆمۆسۆم ← بۆهێڵ ← جینۆم ← نیوکلیۆتاید

48. ئەگەر بزانیت کە زنجیرەی تەواوکەر بۆ ئەو زنجیرەیە (TATCAATCTGTTCAT) بووەتە قاڵب بۆ لە بەرگرتنەوەی mRNA، کام لەم فرە پیپتیدانەی خوارەوە بەرهەمدێت ؟

| ترشی ئەمینی | سیرین | هیستیدین | تایرۆسین | ڤالین | گلوتامین |
|---|---|---|---|---|---|
| دژە کۆدۆن | AGA | GUA | AUA | CAA | GUU |

A- هیستیدین ، ڤالین ، تایرۆسین ، سیرین ، گلوتامین

B- هیستیدین ، ڤالین ، تایرۆسین ، گلوتامین ، سیرین

C- تایرۆسین ، گلوتامین ، هیستیدین ، ڤالین ، سیرین

D- تایرۆسین ، گلوتامین ، سیرین ، ڤالین ، هیستیدین

49.کام لەمانە لە کرداری لەبەرگرتنەوەی RNA دا بەشداریدەکات؟

A-شوێنی دەستپێك B-نیشانەی کۆتایی هاتن C- ئەنزیمی پەلمەرەی RNA D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

50. لە لێکدانی دوو ڕووەکی پۆڵکە ئەم ڕووەکانەیان لێ پەیدا بوو ( 120 گوڵ تەوەرەیی کەلوو سەوز، 120 گوڵ لوتکەیی کەلوو سەوز، 40 گوڵ تەوەرەیی کەلوو زەرد، 40 گوڵ لوتکەیی کەلوو زەرد ) ،کام لەمانە ڕوخسارە بابەتی هەردوو ڕووەکە لێکدراوەکە دەنوێنێت؟

A- گوڵ تەوەرەیی کەلوو زەرد × گوڵ لوتکەیی کەلوو سەوز B- گوڵ تەوەرەیی کەلوو سەوز × گوڵ لوتکەیی کەلوو سەوز

C- گوڵ تەوەرەیی کەلوو زەرد × گوڵ لوتکەیی کەلوو زەرد D-گوڵ تەوەرەیی کەلوو سەوز × گوڵ لوتکەیی کەلوو زەرد